# هیوای نوێ

بڵاوکراوەیەکی سیاسی ــ گشتییە ئۆرگانی ڕاگەیاندنی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات

ژمارە: ٦١ - ٢٠١٨/٣/١٧ زایینی بەرابەر بە ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ هەتاوی

www.ydkurd.org


## ڕزگاربوون لە زێهنییەتی پیاوسالاری و باوکسالاری یەکەم هەنگاوی نێزیک بوونەوە لە سرووشتی ڕاستەقینەی مرۆڤە




سەرووتار

## ئەو شتەی لە دووبارەبوونەی کارەساتەکان بە سەرگەلی کورددا بزرە

سەرنووسەر

لە کاتێکدا بەرەو پیری نەورۆز دەڕۆین کە نەتەوەی کورد بە گشتی لە دۆخێکی نالەبار و دڵتەزێن دایە. مێژووی کورد لە ناوچەکە پڕە لە کارەسات کە داگیرکەرانی کوردستان بەو پەڕی بێویژدانییەوە و بە بەرچاوی زلهێزە جیهانییەکان و زۆر جار بە یارمەتی ئەوان ئەنجامیان داوە، مێژووی سەدەی بیستی کورد، لاپەڕەکانی پڕە لە کردەوە و تاوانی قیزەون کە بکەرەکانی، دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و هێزە کۆڵۆنیالی و زلهێزەکانی جیهان بوون کە چەندین جار خیانەتیان لە کورد کردوو و خاک و نیشتمانەکەیشیان پارچە پارچە کرد و خستیانە بن دەستی دەوڵەت نەتەوەکانی ناوچەکە، چەندین کارەساتی گەورەی مرۆییان بە سەر کورد و شۆڕش و بەرخۆدان و بزووتنەوە مافخوازییەکانی هێنا و لە ئەنفال و کوشتارەوە بگرە تا ژینۆساید و کیمیاباران و گواستنەوە و ئاسیمیلە کردن، سیستەمی ستەمکارییان لە سەر کورد بەردەوام کرد. ئێستا و لە قۆناغیکی تر و لە چارەکە یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم، نەتەوەی کورد، سەرەڕای گیانبازی و فیداکاریی بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆر و خۆ کردنە قەڵغانی جیهان، دەبینین کە لە باکوور دنیا خۆی کوێر و کەڕ کرد و لە باشوور نیوەی خاکەکەی لێسەندرایەوە و لە ڕۆژئاوا، ئەرتەشی داگیرکەری تورکیا، بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە، لە هەوڵی قڕکردنی کورد دایە، لە ڕۆژهەڵات، کۆماری ئیسلامی، هەر جۆرە جووڵەیەک بە بەند و پەت، دەخنکێنێت. نە تەنیا پشتیوانی لە نەتەوەی کورد و دۆزە ڕەواکەی ناکرێت بەڵکوو بە ڕاگەیاندنیش سانسۆر خراوەتە سەر ئەو ستەم و کوشتارەی کە لە سەری ئەنجام دەدرێت.

بە لە بەرچاو گرتنی هەموو ئەو کارەساتانەی کە زیاتر لە سەدەیەک و لەم دوو سەدەیەی دواییدا بە سەر کورد هاتوون و لە سی یەمینساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە، بومبارانی شاری عەفرین دەکرێت و کارەساتەکەی هەڵەبجە بە جۆرێکی تر دووبارە دەبێتەوە، شتێک هەمیشە بزر بووە و هەموو تاکێکی کوردیش پێی دەزانێت و دەزانێت چییە، ئەویش یەکێتیی نەتەوەیی کورد بووە کە لە ژێر دێماگۆژیی ئایینی و ئایدئۆلۆژیکی و حیزبی و خێڵ و ناوچەگراییدا هەمیشە لە کایەی سیاسیی کوردستاندا بزر بووە.

## بەیاننامەی نەورۆز

ئاوەزینگی زستانە و دەمی هەڵسانەوەی چرۆ. بە دەم بای دارئاوسەوە، سرووەی بەیانیانی بەهاران بەڕیوەیە و دەنگی هۆرەچڕی کوێستانان و سیاچەمانەبێژی سەر سەکۆی کانیاو و حەیرانبێژی پێدەشتەکان، دەلوولێنێتە نێودڵی سرووشت و دەیکاتە دەنگی شمشاڵ و ژەنی تەمیرە و دەیهێنێتە گوێی کوردەماڵان و تین و گڕی کوانووی کۆنەهەواران دەبووژێنێیەوە و دەیکاتە کلپەی ئاگری دەدات کە سەرهەڵدانی نێو تاریکیی خاک، خاکیش دەکاتە لێوە و دەبێتە چەکەرەی هیوا، نەخشی ڕەش و سپیی ژیانی دەورانی سارد و سڕی سەهۆڵبەندان دەگۆڕێت و ڕەنگی گوڵە هەڵاڵان و بۆنی چنوور و وەنەوشە دەکاتە دیاری بۆ ژیانی فرەڕەنگیمان کە نەورۆزە و سەرەتای دەستپێکی ئەو گۆڕانەیە.

نەورۆز وەک بۆنەیەک بۆ دەستپێکی شۆڕەسوارانی مافخوازی کوردایەتی و مزگێنی سەرکەوتن ساڵێکی نوێ، بیانوویەکە بۆ بووژانەوە و دووبارە هەستانەوە، بۆ ئەوەی کە دووبارە گڕی هیوا لە سووتماکی بەستەڵەک بەستووی ژیان هەستێتەوە و ژیان پڕ لە تێکۆشان و خەباتی بەردەوام بکاتەوە، کورد و نەورۆز دوو دوانەی لە یەک دانەبڕاوی دووبارە هەستانەوە و سەرکەوتن بە سەر سڕیی و ستەم و جەوری سرووشت و دەسەڵاتن و وەک هێمای خۆڕاگری بۆ نەتەوەی کورد هەمیشە پیرۆز بووە و بە پیرۆزی ڕاگیراوە و بە حەماسە و هەستی پڕ لە سەرهەڵدان بەڕێکراوە.

وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستانی ئێران نەورۆز لە گەلی کورد کە لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانەدان پیرۆز دەکەین و هیواداربن ساڵی نوێی کوردی ببێتە هەوێنی یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی نەتەوەکەمان و گەلەکەمان بگات بە مافە ڕەواکانی. داواکارین کە کوردانی جیهان جەژنی نەورۆز بە گڕ و تینێکی فراوانتر و بە یەکگرتووانەتر بگرن و نەورۆزی ئەمساڵ بکەن بە نەورۆزی یەکێتی نەتەوەیی .

ساڵی نوێی کوردیی و نەورۆزتان پیرۆز بێت

یەکێتیی دیموکراتی کوردستان – ئێران

٢٠١٨/٣/١٧

## هەڵەبجە برینێک کە هەمیشە دەکولێتەوە

### بەیاننامەی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە

١٦ی ئازاری هەموو ساڵێک بۆ گەلی کورد، بە بیرهێنانەوەی ئازار و مەینەتیی نەتەوەیەکی مافخوراو و چەوسێنراوە کە دوای هەزاران ساڵ ژیان لە سەر زێدی خۆی، زێد و نیشتمانی لێ زەوت و داگیرکراوە و تەنانەت وەک ناوی نەتەوەیش، لە ناسنامەی خۆی بێبەش کراوە، لە ١٦ی ئازاری هەموو ساڵێک، برینێک دەکولێتەوە کە داگیرکەرانی کوردستان، بە بێبەشکردنیش نەوەستان و هەوڵی سڕینەوەی کوردیان بە گازی کیمیایی دا. سڕینەوەی ئاسەوار و هەوڵی قڕکردنی کوردان، بە کیمیابارانی هەڵەبجە ...

درێژەی لە لاپەڕە ٢

## هێژموونیی زمانی فارسی و هەوڵ بۆ سڕینەوەی زمان و شوناسی کوردی بەشی دووهەم

محەمەد خۆشچێهرە ل٣

## ژن وەك ئامراز

ئەردەڵانی سۆلەیمانی ل ٦

## ژنان بە سر کراوی

هیوا ل ٨